**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٣٥١ لە ٢٠٢٤/٧/١٤**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٧٦٨٢ لە ٢٠٢٤/٦/١١ ) بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراوی (٧٢) کاتژمێری لە سۆران ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی سۆران بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەڤەرە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سە ر دەکرێت .

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (سەنتەری شیاندنەوەی ئالۆدەبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەر شەش چاکسازییەکانی) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو دەڤەرانە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی(سەنتەری نەشتەرگەری چاندنی لوول پێچی گوێ) (زرع القوقعة) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٧/١٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**